# گەرمیان

# سەرە ڕێگەی دێرینی کاروانە بازرگانییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان

**پ.ی.د. دڵشاد عزیز مارف**
بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
**م.ی. ڕێزان قادر عەبدوڵڵا**
بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/١٥ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**
گەرمیان هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگیان هەبوو، دەشـــتە بە پیتەکانی مێســـۆپۆتامیا و چیاکانی زاگرۆس لەوێ پێک دەگەن، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ناوچەکە هەر لە ســـەردەمی لادێ کشـــتوکاڵییەکانی پێش مێژووەوە بۆ سەردەمی شار و دەوڵەت و ئیمپڕاتۆرییەتەکان ببێتە سەر ڕێگەی کاروانسەرای بازرگانە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.
ئەم توێژینەوەیە تیشـــک دەخاتە ســـەر چەند پرســـێکی گرنگ دەربارەی ڕۆڵی ناوچەکانی گەرمیان لە بازرگانییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا وەک ســـەرە ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکان. ئەو کاڵایانە چی بوون کە لەم ناوچەیەدا بەرهەم هێندراون و بازرگانییان پێوەکراوە؟ ڕۆڵی ناوچەکە لە بازرگانی نێوان شانشین و دەوڵەتەکانی مێسۆپۆتامیا و زاگرۆســـی دێرین، و بازرگانی نێودەوڵەتی ڕێگەی خوراســـان، و ڕێگەی ئاوریشـــم، ئەم توێژینەوەیە پشـــت بە بەڵگە شوێنەواری، تۆمارە مێخی و سەرچاوە کلاسیکییەکان دەبەستێت.

**کلیلە وشەکان**: گەرمیان، بازرگانی، کاروانسەراکان، ڕێگەی ئاوریشم، ڕێگەی خوراسان.

**Abstract**
Garmian was situated on the ancient roads, serving as sub-roads for regional and international trade caravans. The region held significant geographical importance as it was where the fertile plains of Mesopotamia met the Zagros Mountains. This led to Garmian becoming a hub for local and international merchants from the time of agricultural villages in the Prehistoric periods to the eras of cities, states, and empires.
This paper addresses research questions regarding the role of the Garmian region in regional and international trade. What goods were produced and traded in this area? What was the region's role in


trade between the kingdoms and states of Mesopotamia and the ancient Zagros mountains, as well as in international trade along the Khorasan Road and the Silk Road? This study relies on archaeological evidence, cuneiform, and classical records.

**Key words**: Garmian, trade, caravansary, Silk Road, Khorasan Road.

**پێشەكی:**

دەشـــت و دۆڵەكانی گەرمیان تەنها ئەم ناوچەیەی ئێســـتا ناگرێتەوە كە لەڕووی كارگێڕییەوە بە ئیدارەی گەرمیان ناســـراوە، بەڵكو ســـەرجەم ناوچەكانی هاوتەریبی گەرمیان لە خۆرهەڵاتی زێی خواروو لە دەشـــتەكانی شـــوانەوە بۆ سەنگاو و گەرمیان و ئەمبەرەوبەری ڕووباری سیروان-دیاله و بەرەوخواریش تا چیای حەمرین دەگرێتەوە.

جیاوازی بەرزی و نزمی و سەرچاوەی ئاو و هەڵكەوتی جوگرافی كاریگەری لە سەر بەرهەمی كشتوكاڵ و دارستان و ئاژەڵداری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پڕكردنەوەی پێداویســـتییەكانی ژیانی ڕۆژانە هەیە. گەرمیان لە لای باكور و خۆرهەڵاتییەوە بە زنجیرە چیاكانی زاگرۆس دەورە دراوە، كە وەک شـــورەیەكی پتەوی ئەو ئاراســـتەیەن، چەندین دەربەند لەو زنجیرە چیایانەدا دەشت و دۆڵەكانی قوڵایی زاگرۆس بە دەشتەكانی گەرمیانەوە دەبەستێ، و لەوێشەوە بەرەوخوار بۆ دەشتەكانی ناوەڕاست و باشوری مێسۆپۆتامیا كراوەبوو. ئەم هەڵكەوتەیە بووە هۆی ئەوەی كە ناوچەی گەرمیـان و كفریـش بە درێـژایـی مـێـژوو وەک نـاوجەرگەی ئەم هەرێـمە بكەوێـتە ســـەر ڕێـگەی بـازرگـانـی و كاروانسەراكان.(نەخشەی ژمارە ١).




نەخشـــەی ژمـارە١: هەڵكەوتەی جوگرافی گەرمیـان لەنـاوجەرگەی خۆرهەڵاتی دێرینـدا .وەرگیراوە لە Roaf, : 2017,22)

**سەردەمی لادێ کشتوکاڵییەکانی پێش مێژوو و سەرەتای دەرکەوتنی بازرگانی**

دێی چەرمو وەک دێرینترین دێی گەرمیان، دێیەکی نمونەیی چاخی بەردینی نوێ بوو. چەرمو چەندین کەلوپەل و ئامرازی لە ناوچەکانی ترەوە بە دەست دەگەیشت، تەنانەت جەیمس میلات پێی وایە، کە خەڵکی دێی چەرموو بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ دێی تەپە گۆرانی نزیک کرماشـان فێری گڵێنەسـازی بوون، ئەو پێی وایە خەڵکی چەرمو لە ڕێگەی پەیوەندی بازرگانی و کۆمەڵایەتییەوە لە خەڵکی تەپە گۆرانی ناوچەی لوڕستانەوە فێری گڵێنەسازی بوون، و هونەری گڵێنەســـازییان گواســـتووەتەوە بۆ چەرمو(میلارت، ١٩٩٠، ٦٧). هەرچەندە ئەمە لێکدانەوەیەکی ســـەرنجڕاکێشـــە، و ئاڕاسـتەی ئەو پەیوەندییە کەلتوری و بازرگانییە لە نێوان چەرمو و ناوچەی لوڕسـتان و کرماشـاندا ئەگەر هەبووبێت، ئەوا بە دەشــتەکانی گەرمیاندا تێپەڕیوە، هەرچەندە ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئەم پەیوەندییەش بەو شـێوەیە بووبێت، ئەوا لەوانەیە چەند لادێیەکی هاوســـەردەم لە نێوان ئەم دوو لادێیەدا هەبووبن، و تا ئێســـتا شـــوێنەوارەکانیان نە دۆزراوەتەوە. لەلایەکی ترەوە، ئێسـتا دۆزینەوە شـوێنەوارییە نوێیەکان ئەوەیان سـەلماندووە، کە تەپە گۆران یەکەم شــوێنی زاگرۆس نەماوە کە لە دەوروبەری ســەرەتای هەزارەی حەوتەمی پێش زایین گڵێنەســازی تێدا دەرکەوتبێت، بەڵکو نوێترین توێژینەوە دۆزینەوەی ســەرەتای گڵێنەســازی لە زاگرۆس بۆ هەزارەی دەیەمی پێش زایین و لە گەنجی دەرەی نزیک کرماشان.(Petrova, et al., 2025) ..

**شاخی کورە و گردی قەڵات یەکەم نشینگەی بازرگانی سەرەتای چاخی برۆنز لە گەرمیان**

دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی تیمی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان و زانکۆی گلاسگۆ لە شوێنەواری شاخی کورە لە نزیک ڕووباری سیروان، ئەم دۆزینەوەیە ئەوەی سەلماند کە یەکەم نشینگەی ئابوری و بازرگانی و سیستەمێکی بەڕێوەبردن لە سـەرەتای چاخە مێژووییەکانەوە لە دەوروبەری ٣٥٠٠پ.ز. لە گەرمیان دەسـتیپێکردووە، و شـوێنەواری (مەلا کونار)یش لە نزیک شـاخی کورە هەر بۆ هەمان سـەردەم دەگەڕایەوە، بەڵام پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ باشـوری مێسـۆپۆتامیا نەبووە.(Glatz, C., et al., (2024), 2ff., 12). ئەم نشـینگەیە هاوسـەردەمی نشـینگە و شـارسـتانی وەرکای سومەری و تەپە گۆرانی ناوچەی کرماشان و کانی شایی دەشتی بازیان و گردی قەڵات و لۆگردانی ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ بوو، دەکرێ ئەم نشینگانە لەو کاتەدا پەیوەندیی بازرگانییان لەگەڵ یەکدا هەبووبێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە تیمی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی و پەیمانگەی فەرەنسی پێکەوە لە کاری کنەوپشـکنینەکانیان لە گردی قەڵات، ئەوەیان بۆ سـاغبۆتەوە کە خەڵکی ئەم نشـینگە بازرگانییە، پێشـوازییان لە خەڵکی هەمان ســەردەمی خۆیان کردووە کە لە باشــوری مێســۆپۆتامیاوە هاتوون، بەڵام لە خوارەوەی نشــینگەکەی خۆیان نیشتەجێیان کردوون، لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە خەڵکی خوارەوەی گردەکە، هەمان گڵێنەی سەردەمی ئوروک (وەرکا)یان بە شێوازی خۆیان دروستکردووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ جۆنی س. باڵدی بەرپرسی کنەوپشکنینەکان لە گردی قەڵات، ئایاری ٢٠٢٣، سلێمانی).

لەلایەکی ترەوە، توێژەران بۆیان دەرکەوتووە، زۆربەی گڵێنەکانی ئوروک و هاوســەردەمەکانی لە مێســۆپۆتامیا و زاگرۆس، لە باشوری مێسۆپۆتامیاوە نەهێندراون، بەڵکو هەر لە نشینگەکان دروستکراون، ئەمەش وا لێکدراوەتەوە کە

بازرگانی گڵێنە نەبووە، بەڵکو بازرگانی قوماشـــی چندراو، ڕۆن و دانەوێڵە بووە، ئەو هاوشــێوەییەش لە شــێوەی دروستکردن لەوانەیە پەیوەستبووبێت بە هاتووچۆی گڵێنەساز و هەورگەڕەکانەوە. (بۆ وردەکاری زیاتر: Emberling (& Minc, (2016), 819-834.

ئەگەر بپرسـین ئەوانەی لە باشـوری مێسـۆپۆتامیاوە هاتوون لەم نشـینگانەی گەرمیان نیشـتەجێ بوون، دەکرێت سومەری بووبن یان نا؟ وەک دیارە لەم سەردەمەدا سومەرییەکان لە باشور دەردەکەون، ئەگەر سومەری بوون، چۆن لە زمانی خەڵکی ئەم ناوچەیە تێگەیشـــتوون؟ کە لەوانەیە زمانی دێرینی یەکێک لە گەلانی ناوچەکە بووبێت، بەڵام لەبەرئەوەی شوێنی گردی قەڵات دەکەوێتە نێوان چەمچەماڵ و دەربەندەی باسەڕە، لەبەرئەوە ئەگەری ئەوەش هەیە، ئەم شـوێنە بەشـێک لە ئاخێوەرانی لوللویی-گوتی- خورری و تەنانەت سـوباریش وەک مەزەندە بخرێنە سـەربار، ئەمە باسێکە لە ئێستادا سەختە وردەکارییەکەی بزاندرێت، بەڵام گرنگ دەبێت ئەگەر زمانی بازرگانی و لێکتێگەیشتنی ئەو خەڵکە بزاندرێت، هەرچەندە لە هەموو سەردەمێکدا بازرگانان زۆر پەکیان لەسەر زمان فێربوون نەکەوتووە.

**بنکە بازرگانییەکانی ســەردەمی کەلتوری نەینەوای پێنجەم و ســەردەمی بنەماڵە ســومەرییەکان لەگەرمیان و دەوروبەری**

ئەوەی جێگەی ســەرنجە، هەمـان ئەو بنکە بـازرگـانییـانەی کە لەم چەنـد ســاڵەی ڕابردوودا لە کنەوپشــکنینە شوێنەوارییەکان لە گەرمیان و دەوروبەری دۆزراونەتەوە و بۆ سەردەمی کەلتوری ئوروک (وەرکا) و هاوسەردەمەکانیان لە زاگرۆس دەگەڕێنەوە، ژیان و ئاوەدانی لە بەشـێکیاندا دوای کەمێک دابڕان یان بێ دابڕان بەردەوام بووە، و برەو دراوە بە بازرگانی لەگەڵ باشـوری مێسـۆپۆتامیا، وەک شـوێنەواری گردی قەڵات، کانی شـایی و شـاخی کورە و گردی لۆگردان، تاڕادەیەک هەمان کەلتور و پەیوەندی لە شـوێنەواری نشـینگەکانی حەمرین بەدیدەکرێن، بە تایبەت لە گڵێنەسازی و نەخشی سەر مۆرەکان، ئەمەش هەمان ئەو تۆڕە پەیوەندییە بازرگانییەمان بۆ دەخاتەڕوو کە لە باشوری مێسـۆپۆتامیا و زاگرۆسـەوە لە گەرمیان بەیەکگەیشـتوون و بڵاووبوونەتەوە، گەرمیان وەک پێگەی پێکگەیشـتنی ئەم دوو کەلتورە جیاوازەی چیاکان و دەشـــتەکان بووە، بەرهەمە بازرگانییە جۆراوجۆرەکانی هەردوو ناوچەکە لێرەدا ئاڵوگۆڕکراون .(Zingarello, (2018), 137-138).

**بازرگانی وشکانی نێوان شارستانی دۆڵی سیند(مۆهینجۆ دارۆ و هەراپا) و گەرمیان و مێسۆپۆتامیا**

بەڵگە شـوێنەوارییەکان، بە تایبەت دۆزینەوەی مۆری ڕووتەختی بازرگانانی شـارسـتانی دۆڵی سـیند لە ناوچەکانی پاکسـتان و هیندسـتانەوە، لەگەڵ دۆزینەوەی ژمارەیەک قاپی بەردینی نەخشـێندراو بە دیمەنی ئەفسـانەیی و ئاژەڵی جۆراوجۆر بە شــێوازی هەڵکۆڵینی بەرز و ڕازاندنەوەیان بە بەردی بەنرخ و دۆزینەوەیان لە شــوێنەوارەکانی ناوچەی دیالە لە باشــوری گەرمیان و شــارە ســومەرییەکان ئەوە دەســەلمێنن پەیوەندی بەهێزی بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی پاکســتان و هیندســتانەوە بە ناوچەکانی جیرۆفت لە خۆرئاوای کرماندا تێپەڕیوە، پاشــان دوو لقی لێبوتەوە: ڕێگەی بازرگانییە ئاوییەکە لەڕێگەی کەنداوەوە بۆ شارە سومەرییەکان بووە، یان بە و شکانیدا بە وڵاتی عیلام بۆ ناوچەکانی باشـوری گەرمیان و دیالە بووە. ئەمەش ڕێگەیەکی گرنگی بازرگانانی دۆڵی سـیند چوونەتە جیرۆفت و لەوێوە بەرەو

عیلام و گەرمیان و مێســۆپۆتامیا هاتوون، ئەوان مۆری ڕووتەختی خۆیان بەکارهێناوە، کە نووســینێکی تایبەتی خۆیانی لەسەرە، بازرگانان زیاتر بەردی بەنرخ و کانزایان ئاڵوگۆڕ دەکرد .بۆ وردەکاری زیاتر Universitaet Tübingen, 2915; Oudbashi, Renson, and Naseri, (2023) 10.1007/s12520-022-01697-x). (نەخشەی ژمارە٢).




نەخشـــەی ژمارە ٢: هێڵی کاروانە بازرگانییەکانی نێوان مێســۆپۆتامیا و شـــارســـتانی دۆڵی ســـیند، کە ڕێگە وشکانییەکەی بە باشوری گەرمیاندا دەڕۆیشت. (ئامادەکردنی توێژەران).

**سەردەمی ئەکەدی و خورری و گوتی لە گەرمیان**

نەڕامســینی ئەکەدی (٢٣٣٤–٢٢٧٩ پ.ز.) لە دەقە شـاهانەکانیدا باسـی داگیرکردنی ناوچەکانی گەرمیان دەکات، بە تـایبەت شـــاری ئـازوخینوم .(RIME II 1993, Naram-Sin E2.1.4.vii..87) ئەم شـــارە لەم کـاتەدا لەلایەن خوررییەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرا، فەرمانڕەواکەی ناوی (تاخیش-ئەتیل) بوو .(Wilhelm, 1989, 8) لەسـەردەمی نەڕامسینیشدا شەڕ و داگیرکاری تێپەڕی و بەرەو چیاکانی سەگرمە و قەرەداغ و وڵاتی لوللو هەنگاوی نا، و نەڕامسین میلی سـەرکەوتنی بۆ ئەو سـەرکەوتنە بەسـەر ناوچەیەک لە خاکی لوللوییەکان تۆمارکردووە .(Moortgat 1967, fig. 155). هەرچەندە لەوانەیە بۆ دانیشـــتوانی باشـــور و ناوەڕاســـتی مێســـۆپۆتامیا لە ســـومەری و ئەکەدییەکان ئەم ســەردەمە ســەردەمێکی زێڕینی برەوی بازرگانی و ئابوری بووبێت، ئەویش بەشـێکی زۆری پەیوەسـتبوو بەو هەموو تاڵانییەی کە ئەکەدییەکان لە جەنگەکاندا دەســتیاندەکەوت، بەو خەڵکە زۆرەی ناوچە داگیرکراوەکان کە دەیانکردن بە کۆیلە، بەڵام لەوانەیە ئەم ســەردەمە بۆ گەرمیان ســەردەمێکی تاریکی لە شــەڕ و وێرانکاری و بەتاڵانبردن و ســوتان بووبێت، وردە وردە بەڵگەکان لە گردی قەڵات و لۆگردان ئەمە دەسەلمێنن، هەروەها لە کانی شاییش لە دەشتی بازیان هەمان ڕووداوی ســوتان و داگیرکاری ڕوویانداوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ د. ســتیف ڕینێت، زانکۆی کامبریج، ٢٨ ئەیلول ٢٠٢٢).

**گودیا و شاخی کیماش و کفری**

کاتێک باس لە مێژووی دێرینی شاری کفری دەکرێ، بەشێک لە توێژەران ڕاستەوخۆ ئەو بۆچوونە دووبارە دەکەنەوە کە پاشــا گودیا، پاشــای بنەماڵەی دووەمی لەگەشــی ســومەری لە باشــوری مێســۆپۆتامیا و نزیک ڕووباری دیجلەوە، لەســـەردەمی دەســـەڵاتی گوتییەکاندا توانیویەتی لە شـــاری ئابوللاتKÁ.GAL-at.KI لە زنجیرە چیای کیماش کانزاکاری مس بکات و ســەرە گۆپاڵێک دروســت بکات .(vi 21-25 Gudea E3/1.1.7.StD 52)لە دەقێکی تردا گودیا چیای کیماش بە چیای مسین ناو دەبات، پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە بۆخۆی زەوی هەڵکەندووە و مسی دەرهێناوە . (RIME 3/1: Gudea E3/1.1.7.Cy1A: xvi 15-17)).گودیا لە یەکێک لەو دوو دەقەدا وا نیشــاندەدات کە خۆی بە دەستی خۆی لە شاخی کیماش مسی لە زەوی هەڵکەندووە و تواندوویەتییەوە، بەڵام لە دەقێکی تریاندا تەنها ئاماژە بە هێنانی دەکات، و وردەکاری نەخستووەتەڕوو کە ئایا ئەو مسە لە ڕێگەی بازرگانییەوە گەیەندراوەتە شاری لەگەش یان لە ڕێگەی لەشکرکێشییەوە بوو.

پێش ئەوەی باس لە ئەگەری پەیوەســتکردنەوەی کیماش بە شــاخێکی نزیک کفرییەوە بکەینەوە بزانین ئەم پاشــا گودیایە کێ بووە؟ گودیا پێنجەم پاشــای بنەماڵەی لەگەشــی دووەمی ســومەری بووە، شــاری لەگەش دەکەوتە نزیک ڕووباری دیجلە لە باشــوری مێســۆپۆتامیا، ناوچەکەیان بە ئاو و هۆڕاو دەورە درابوو، ســنوری دەســەڵاتی دەوڵەتە شارەکەی تەنها ناو شارەکە و زەوییە کشتوکاڵەکانی دەوروبەری بوو، بەڵام لە نووسینەکانیدا باس لە هێنانی کەلوپەلی تەلارسازی لە شاخی کیماش و وڵاتی عیلام و مێلوخخاوە دەکات، لەم کاتەدا زۆربەی ناوچەکانی ناوچەکانی ناوەڕست و باشــوری مێســۆپۆتامیادا و بەشــێکی گەورە لە گەرمیان لەژێر فەرمانڕەوایی گوتییەکاندا بوو، ئەوەی لێرەدا گرنگە باس بکرێت هەروەک ڤیلادیمێر ئیمێلیانۆڤ تێبینی کردووە، ئەوەیە کە لەم کاتەدا گودیا تەنها نازناوی ئێنســـی (واتە میر و فەرمانڕەوای ) شاری لەگەشی هەبووە، و هاوسەردەمی پاشای گوتی یارلەگەندا بوو، ئەم پاشایە دەسەڵاتداری هەموو شار و شارۆچکەکانی باشور و ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیا بووە. (Emelianov(2016), 73-74 ).

لەبەرئەوە ناگونجێت پاشــا گودیا توانیبێتی بەناو دەســەڵاتی گوتییەکاندا لەشــکرکێشــی بکاتە ســەر ناوچەکانی گەرمیان بۆ دەرهێنانی خاوی کانزای مس، وەک لەدەقەکەی ســـەرەوە گودیا پڕوپاگەندەی بۆ کردووە. تا ئێســـتاش مێژوونووس و شــوێنەوارناســان ئەو وەڵامەیان دەســتنەکەوتووە بۆچی ئەم پاشــایە بە تەنیا جیاواز لە هەموو شــارە سومەرییەکانی تر، لەسەردەمی گوتییەکاندا توانیویەتی فەرمانڕەوایی شارەکەی بکات و درێژە بە دەسەڵاتی دەوڵەتە شاری لەگەشی سومەری بدات، لەکاتێکدا شارە سومەرییەکانی تر هەمووی لە ژێر دەستی گوتییەکاندا بوون، ئەوەی گرنگە لە ڕووانگەی دەقەکانی گودیا خۆیەوە بزانرێت، ئەوەیە کە تەنها نازناوی میری لەگەشـــی هەبووە، و لەژێر فەرمان و دەسەڵاتی پاشای گوتییەکان بووە.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، گودیا شــێوازی جلوبەرگی بە تایبەت کڵاوەکەی جیاوازە لە پاشا ســومەرییەکانی تر، ئەمە جگە لەوەی ژنەکەشــی ســەرپۆشــی لەســەر کردووە، گرنگیدان بە نووســینی زۆر و تۆمارکردنی هەموو وردەکارییەکی

کۆشک و پەرستگە یەکێک بووە لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی (بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی پەیکەر و هونەر لەسەردەمی گودیا و پەیوەندی بە هونەری سومەری، ئەکەدی و گوتییەوە (بڕوانە .(Mortgat, 1967, 63ff.).

ئەوەی پەیوەستە بەم توێژینەوەیەوە، گودیا لەڕێگەی لەشکرکێشییەوە ئەو کەرەستە بیناسازییانەی دەستکەوتووە، یان لە ڕێگەی بازرگانییەوە؟ لەڕووی مێژووییەوە ناکرێت پاشا گودیا توانیبێتی دژی گوتییەکان لەشکرکێشی بکات و بەناو دەسەڵاتی ئەواندا لەخاکی داگیرکراوی سومەرەوە بەرەو خاکی داگیرکراوی ئەکەد و پاشان بۆ ناوجەرگەی دەسەڵاتی گوتییەکان لە گەرمیان لەشکرکێشی بکات. تەنها دوو ئەگەر هەیە، ئەویش ئەوەیە گودیا خۆی لە بنەچەدا میرێکی گوتی بووبێت، ئەمەش سەلماندنی ئاسان نییە و بە ئەگەرێکی لاواز دەمێنێتەوە، یان ئەوەتا بە بازرگانی مسی بۆ برابێت بۆ شاری لەگەش کە ئەمەش ڕێگەی تێدەچێت، چونکە بەشێکی زۆر لە کانزا و بەردە بەنرخەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە بە چیاکانی زاگرۆس و دەشتەکانی گەرمیاندا دەگەیشتنە ناوەڕاست و باشووری مێسۆپۆتامیا. لە ئێستادا باشترین ئەگەر، ئەوەیە کە گودیا ئەو کەرەستە بیناسازییانەی لەڕێگەی بازرگانییەوە دەستکەوتووە، لە هەردوو بارەکەدا ئەگەر کیماش چیایەکی ناوچەی کفری بووبێت، یان ناوچەیەکی تری گەرمیان و دەوروبەری Frayne) . (1999:159-162. بە هەمان شێوەش کەرەستەکانی تر کە لە عیلامەوە هێناویانە هەموویان هەر لە زاگرۆسەوە بە گەرمیاندا گەیەندراونەتە شاری لەگەش.

**گۆڕانکارییە سیاسی و ئابورییەکانی گەرمیان لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور**

لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ناوچەکانی کفری و گەرمیان ڕووبەڕووی لەشکرکێشی و داگیرکاری سومەرییەکان بوونەوە. پاشایانی سومەری بنەماڵەی سێیەمی ئور لەشکرکێشییان کردە سەرناوچەکانی گەرمیان، کە ئەو کات ڕۆژهەڵاتی گەرمیان بەشێک بوو لە خاکی شانشینی سیمورِوم، ئورنەمما (ئورنەممو)ی دامەزرێنەری بنەماڵەی سێیەمی ئور لە شەڕێکدا لە ناوچەی گەرمیان کوژرا(.RIME 3/2 Frayne 1997, Ur-Nammu E312.1.1, 20). بەڵام دواتر نەوەکانی ئەم پاشایە، بەتایبەت پاشا شولگی و پاشا ئەمارسین چەندین لەشکرکێشییان کردە سەر ئەم ناوچەیە، و شارەکانیان وێرانکرد .(RIME 3/2 Frayne 1997 Ur III Period (2112-2004 BC), Šulgi.E3/2.1.2., 104.)). لەم سەردەمەدا ئەوەندەی ئاگاداربین وردەکاری دەربارەی لایەنی بازرگانی لە ناو دەقە مێخییە بەردەستەکاندا بەردەستدا نییە. جێی ئاماژەیە هەر لەم سەردەمەدا ڕاگوێزانی زۆرە ملێی خەڵکی گەرمیان و بە کۆیلەکردنیان برەوی سەند، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە لەلایەن سوپای سومەرییەوە بەرەو ناوچەکانی باشوری مێسۆپۆتامیا ڕاگوێزران. لە کۆتایی ئەم سەردەمەدا وشکەساڵی و قات و قڕی لە ناو سومەری و ئامورییەکاندا پەیدابوو(دی میرۆپ، ٢٠١٨، ١٣١-١٣٢). بەڵام وردەکاری لەبەردەستنییە دەربارەی باوردۆخی ئابوری خەڵکی ئەم ناوچەیە. بە هەمان شێوە، ئەوەندەی ئاگاداربین لە سەردەمی بابلی کۆندا تا ئێستا وردەکاری دەربارەی لایەنی بازرگانی ناوچەکە لەبەردەستدا نییە.

**کاشییەکان و ڕۆڵی بازرگانییان لەناوچەکەدا**


کاشـییەکان گەلێکی ڕەسـەن و دێرینی ناوچەکانی لوڕسـتان و گەرمیان بوون، لە سـەدەی ١٨پ.ز. دا لەسـەردەمی پاشـای بابلی سـیمسـۆئیلونا لە گەرمیانەوە هێرشـیان کردە سـەر دەوڵەتی بنەماڵەی بابلی یەکەم، بەڵام هێرشـەکەیان سـەرکەوتوو نەبوو، لەبەرئەوە دەسـتیانکرد بە بروەدان بە کاری بازرگانی، بەشـێوەی بازرگان و کاروانچی وردە وردە کۆچیانکرد بۆ وڵاتی بابل و ناوچەکانی ڕۆخی ڕووباری فوڕات لە رۆژئاوای کوردسـتان، ئەمەش دەرفەتێکی گرنگی پێدان بۆ ئەوەی بتوانن پلە و پۆسـتی کارگێڕی و سـەربازی لەناو دەوڵەتی بابلی بەدەسـتبهێنن، بە هێرشـی لەناکاوی پاشـای حیتییەکان مورشـیلی یەکەم (١٦٢٠-١٥٩٠پ.ز.) لە سـاڵی١٥٩٥ پ.ز. دەوڵەتی بنەماڵەی بابلی یەکەم ڕووخا، حیتییەکان نەیانتوانی بمێننەوە، و دەسەڵاتیان ڕادەستی کاشییەکان کرد، کاشییەکان توانییان بۆ ماوەی زیاتر لە چوار سـەدە فەرمانڕەوایی بکەن، ناوچەکانی گەرمیان لەم سـەردەمەدا گەشـانەوەی ئابوری و بازرگانی بەخۆیەوە بینی، کاشـییەکان ئەم نیشـتیمانەی خۆیان برەوپێدا و بووە بەشـێک لە سـنوری دەوڵەتەکەیان، شـوێنەواری کانی ماسـی لە نزیک ڕۆخی ڕووباری سیروان یەکێکە لەو نشینگە گرنگانەی کاشاییەکان لەم سەردەمەدا کە پێگەیەکی ئابوری گرنگی هەبوو.(مارف، ٢٠٢٠، ٢٣٨-٢٥٠، .Casana & Glatz, (2017), 47–69;).

**بازرگانی بەردی شینی لازەورد(Lapis lazuli)**

تا ئێستا یەکێک لە سەرچاوە زاندراوەکانی بەردی شینی لازەورد لە چیای بەدخشان لە ئەفغانستانەوە هەتا میسر و هەموو وڵاتانی نێوانانیان بازرگانی پێوەکراوە. کۆنترین بەڵگەی شـوێنەواری بازرگانی بەردی لازەورد لە چیاکانی زاگرۆس و دەشتەکانی مێسۆپۆتامیا لە شوێنەواری تەپە گەورە لە نزیک باشیک لە باشوری کوردستان دۆزراوەتەوە، کە بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زایین و سەردەمی عوبەید دەگەڕێتەوە، و هەر لە هەزارەی چوارەمدا لە شوێنەوارەکانی تەپە گیان و تەپە سیالک لە رۆژهەڵاتی زاگرۆس بەردی لازەورد لە ڕێگەی بازرگانییەوە دەستخراوە، پاشان لەسەردەمی بنەماڵە سومەرییەکان، و دواتریش لەسەردەمی کاشی و میتانییەکان بازرگانی بەردی لازەورد گەیشتە لوتکەی، میتانی و کاشییەکان ئەم بەردە بەنرخەیان بە دیاری بۆ فیرعەونەکانی میسر دەنارد، ڕێگەی بازرگانی و شکانی بەردی لازەورد لە چیا و دەربەندەکانی ئەفغانستانەوە بەرەو ڕێگەی خوراسان و لەوێوە بۆ کرماشان و زەهاو و گەرمیان و دەشتەکانی مێسۆپۆتامیا بوو(بۆ وردەکاری زیاتر .(Huang, 2018, 391-399 :). ئەم ڕێگەیە چۆن لە دواتردا بۆ ئاوریشم و پاشان بۆ بەهارات ڕێگەیەکی نێودەوڵەتی بازرگانی بوو، بەهەمان شـێوە لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا ئەتوانین پێی بڵێین ڕێگەی بازرگانی بەردی بەنرخی لازەورد. (نەخشەی ژمارە ٢-٣).




نەخشــەی ژمارە ٣: هێڵی بازرگانی بەردی شــینی لازەورد لە ئەفغانســتانەوە بە گەرمیاندا بۆ مێســۆپۆتامیا و میســر. (ئامادەكردنی توێژەران).




نەخشــەی ژمارە ٣: نەخشــەی هێڵە كانی بازرگانی خۆرهەڵات و ئاڵوگۆڕی كانزا و عاج او تەختە و كەلوپەلە جیاوازەكان، لە نەخشەكەدا دیارە بەشێک لە هێڵەكانی ڕێگەی بازرگانی بە گەرمیاندا تێدەپەڕێت) .وەرگیراوە لە Roaf, .(2017, 212).

#### میتانییەكان و بازرگانی كۆیلە

لە ســەدەكانی ١٦-١٤پ.ز. میتانییەكان شــاری نوزییان كردبووە بنكەیەكی ســیاســی و ئابوری گرنگی خۆیان، نوزی دەكەوتە خۆرئاوای دەشتەكانی گەرمیان، بازرگانی كۆیلە لە نوزی و دەوروبەری لە برەودابوو، لە خاكی لوللوبییەكانەوە

لە ناوچەی سلێمانی و شارەزوور کۆیلەیان دەهێنا، پێیان دەگوتن کۆیلەی نوللو، خەڵکی نوزی بە لوللوییەکانیان دەگوت نوللو. (الرویح :١٩٧٧ ٤٩؛ عەبدوڵڵا، (٢٠١٩)، ٩٠-٩١). جێی ئاماژەیە لەم سەردەمەدا جگە لە شارەکانی نوزی و ئاراپخا، شاری ئارزوخینم بووە شارێکی گرنگی سەر بە شانیشنی ئاراپخا و ناوی خاڵزو ئازوخیننی واتە شاری شورەداری ئازوخینی لێندرابوو(مارف، ٢٠٢٣، ١٩٠)، و ئەم شارانە مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی بوون.

**دەوڵەتی ئاشوری و کاروانسەراکانی ڕۆژئاوای گەرمیان**

لە ڕۆژئاوای گەرمیان هێڵەکانی بازرگانی لە ڕوو باری زێی خواروو بەرەو خۆرهەڵات و خۆرئاوا تێدەپەڕین، لە ڕۆژئاوای گەرمیان، لەناوچەکانی دەوروبەری چەمچەماڵ و ئاغجەلەر و کاروانەکان بە دەربەندەکانی قەرەداغ، پەیکوڵی، سەگرمە، باسەڕڕە، بازیان و ئاغجەلەردا هاتوچۆیان دەکرد(وێنەی ژمارە١).



وێنەی ژمارە١: دەربەندی باسەڕڕە، یەکێک لە دەربەندە گرنگەکانی پەیوەستکردنەوەی قوڵایی گەرمیان و ڕێگەی کفری بە چیاکانی زاگرۆسەوە. (فۆتۆ: توێژەر).

لە سەردەمی ئاشوری نوێدا بەشی باکوری ڕۆژئاوای گەرمیان سەر بە هەرێمی ئارزوخینا بوو، ئەو هەرێمە لەلایەن ئاشورییەکانەوە داگیرکرا و لێکندرا بە دەوڵەتی ئاشورییەوە، ئاشورییەکان فەرمانڕەوای خۆیان بۆ دانا، لە دەقی نامە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی ئاشوریدا لە سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست و نوێ چەندین جار ئاماژە بە کاروانسەراکانی سنوری کارگێڕی هەرێم و شاری ئارزوخینا کراوە، شاری ئارزوخینا کە شارێکی دەشتەکانی ناوچەی شوان بۆ سەنگاوە، و تا ئێستا بە ڕوونی شوێنەواری شارەکە دەستنیشان نەکراوە، لە سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست و نوێدا وەک هەرێمێکی کارگێڕی ئاماژەی پێدراوە، کە پارێزگار و کارگێڕانی خۆی هەبووە، ئەوەی لێرەدا پەیوەستە بە بازرگانی و کاروانسەراکانەوە، ئاماژەی ڕوون هەن بە بوونی ژمارەیەک پۆستەخانە و کاروانسەرا لەم سنورەدا و پەیوەستییان بە پۆستەخانەکانی تر لە وڵاتی زاموا، دەقە مێخییەکان پۆستەخانەکان بە شێوەی (کاللیو)ناودەبەن، بۆ پۆستەخانەکان ئەسپ و ماینی گونجاو و بەهێز دابینکراون، چونکە لە دوای ئارزوخیناوە بەرەو ناوچە چیاییەکانی وڵاتی زاموا لەلای

خۆرهەڵاتەوە، پێویستی بە ئەسپ و ماینی بەهێز هەبووە) .بۆ وردەکاری زیاتر، (مارف، ٢٠٢٣، ١٩٤). لەم سەردەمەدا لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە گرنگی بازرگانی خۆی هەبووە و سەرە ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکان بووە، لە نامەیەکی کارگێڕیدا باس لە بوونی چەتە دەکات لە دەربەندەکانی ئەو ناوچەیەدا سەرقاڵی چەتەگەری بوون و ڕێبواران و بازرگانانیان ڕووتکردووەتەوە.(SAA 5 :227-228) .

**کەیخسورەوی میدیا ڕێگەیەکی بازرگانی بۆ گرتنی شاری ئاراپخا(کەرکوک) هەڵبژارد**

پاشای میدی کەیخوسرەو لە ساڵی پایزی ٦١٥پ.ز.دا توانی شاری ئاراپخا (کەرکوک) لە ژێر چنگی ئاشورییەکان دەربهێنێت .(Wiseman 1956 B.M.21901.line.23. 57) . ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی کلیلی سەرکەوتنە خێراکانی تری میدییەکان بەسەر ئاشورییەکاندا و ئەوەبوو دوو ساڵ دواتر و لە ساڵی ٦١٢پ.ز. نەینەوا ڕوخا و کۆتایی بە گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی ئەو سەردەمە هێندرا، ئەگەر بێت و لە وردەکاری پلانی کەیخسورەوی میدی بڕوانین، ئەبینین کە ئەم پا شا میدییە هەمان هەڵەی نیو سەدە لەوەوبەری میدییەکانی لە هێرش بردنە سەر دەوڵەتی ئا شوری دووبارە نەکردەوە، چونکە لە ساڵانی پێش ٦٧١پ.ز. میدییەکان، ماننایيەکان، کیمیری و سکیثییەکان هەموو پێکەوە بە سەرکردایەتی پاشایەکی میدی کە لە تۆمارە ئاشورییەکاندا بە (کەشتەریتو) ناوی هاتووە.(SAA 4: 41-46) لەوانەیە ئەم ناوە هەمان ناوی میدی (خشاثرا)بوو‌بێت، کە بە واتای پاشا دێت و دواتر گۆڕاوە بۆ خوسرەو، ئەم پاشا خوسرەوە نازاندرێت، هەمان کەیخوسرەوی میدییە کە ئاراپخا و نەینەوای گرتووە، یان میدییەکان کەیخوسرەوێکی تریان هەبووە، ئەگەر هەمان کەیخوسرەو بووبێ، ئەوا دەبێت لەکاتی گرتنی نەینەوادا تەمەنی لە سەرو هەشتا ساڵەوەبووبێت، دەقە ئاشورییەکان باس هێرش بۆ سەر خەرڕانیا دەکەن، کە هەندێ لە پسپۆڕان پێیان وایە هەمان ناوچەی ڕانیە بووە.((Lanfranchi, 1995: 136; Porter and Parpola 2001: 10)

ئەگەر ئەم کەیخوسرەوە، هەمان کەشتەریتو بووبێت، ئەوا ئەبێت پێش شەست ساڵێک هێرشی یەکەمی لە دەربەندەکانی سەردەشت و پشدەرەوە بەرەو بتوێن هێناوە، وا دیارە میدییەکان وەک پێویست سەرکەوتوونەبوون لەم هێرشە یا ندا، لەبەرئەوە کەوتنی دەوڵەتی ئاشوری بە دەستی میدیيەکان نیو سەدە دواکەوت. ئەوەبوو کەیخوسرەوی میدیا ئەمجارە، ڕێگەیەکی تری گرتەبەر، ئەو ڕێگەیەش هەمان ئەو ڕێگە بازرگانییە دێرینەیە کە پێش ئەم سەردەمە و هەتا سەدەی نۆزدەی زاینی وەک ڕێگەی سەرەکی نێوان ئەکباتانا (هەمەدان) و ئەربیل (هەولێر) بەکارهێندراوە، لەوانەیە پاشا داریوشی یەکەمی هاخامەنشی لە ناردنی سوپایەک بۆ داگیرکردنی هەولێر و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی میدییەکان لەو شارە هەر لەم ڕێگەیەوە بووبێت تەهماسپەدەی سەرکردەی سوپایەکی جاشی تێکەڵ لە فارس و میدی بۆ داگیرکردنی شاری ئەربیل/هەربیرا ناردووە. (Wiesehöfer 1978: Abb. 22). گەڕیدەی دانیمارکی نیبوەر لە سەدەی هەژدەدا لە بەغداوە بەرەو کەرکوک و پردێ و هەولێر دەڕوات، لە هەولێر کاتێک خەڵک و بازرگانانی شارەکە ئەزانن خولیای بینینی شوێنەواری هەیە، پێی دەڵێن کە: پەیکەری قەبارە گەورە و نووسینی هەڵکەندراو لەسەر چیای بێستون لە نێوان کرماشان وهەمەدان هەیە." (نیبور، ١٩٦٥، ٩٠). ئەم گێڕانەوەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە خەڵک و بازرگانانی هەولێر لەڕێگەی کاروانە بازرگانییەکانیانەوە بەرەو هەمەدان ڕۆیشتوون و

لەوێ ئەو شوێنەوارانەی بێستونیان بینیوە، بە تایبەت نووسینەکەی نەخشی بێستونی پاشا داریوشی یەکەم کە دوای زیاتر لە نیو سەدە ئەفسەری ئینگلیزی هێنری ڕاولینسۆن نووسینەکەی لەبەرگرتەوە و بووە کلیلی خوێندنەوەی دەقی مێخی. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕێگەی نێوان هەولێر-کەرکوک-کرماشان بە گەرمیاندا تێپەڕیوە.

**ڕێگە شاهانە و بازرگانییەکانی سەردەمی هاخامەنشی (٥٥٠-٣٣١پ.ز.)**

هاخامەنشـییەکان ئیمپراتۆری میدییەکانیان ڕووخاند و بوونە میراتگری، لە هەمان کاتیشـدا پایتەختە دێرینەکانی ئەکباتانای میدییەکان، سـوسـەی پایتەختی عیلامییەکان، جگە لە پایتەختە نوێیەکانی پاسـەرگادە و پێرسـیپۆلیس، هاخامەنشییەکان لەم سەردەمەدا ڕێگەیەکی سیاسی-سەربازی گرنگییان برەوپێدا کە بە پلەی یەکەم و بە فراوانی بۆ ڕێگەی پۆستەی خێرا و هاتووچۆی گالیسکەی شاهانە بەکاردەهێندرا، لەبەرئەوە لەلایەن مێژوونووسانەوە بە ڕێگەی شاهانەRoyal Road یان ڕێگەی سوسە- ساردیس ناسراوە، ئەم ڕێگەیە لە شاری سوسەی دێرینە پایتەختی ئاینی عیلامییەکان و زستانە پایتەختی هاخامەنشییەکانەوە دەستیپێدەکرد و هەتا شاری ساردیسی پایتەختی لیدییەکان لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ دەڕۆیی، ڕێگەکە بە بەشێک لەناوچەکانی گەرمیاندا تێدەپەڕی و لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەشێک لەو ڕێگەیە لەلایەن شـوێنەوارناسـانەوە لەناوچەکانی نێوان هەمەدان-کرماشـان شـوێنەوارەکەی دۆزراوەتەوە (Balmaki, 2016). ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە کە لە ناوچەکانی سوسەوە بەرەو هەمەدان و کرماشان و زەهاو هاتووە و پاشـان بە گەرمیاندا بەرەو دەشـتی هەولێر و نەینەوا و لەوبەر دیجلەوە بە باکوری مێسـۆپۆتامیادا بەرەو ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ڕۆیشتووە.

ڕێگەیەکی تر هەبوو کە لە دەقێکی ئارامیدا تۆمارکراوە، کە بە ناوی پاسـپۆرتی نێختیخور ناسـراوە، ئەم دەقە لە میسـر دۆزراوەتەوە و باس لە مۆڵەتی ڕێگەدان و تێپەڕینی چەند بازرگانێکە لە شـاری بابل و سـیپپارەوە لە باشـوری مێسـۆپۆتامیا بۆ شـاری ئەربیل(قەڵاتی هەولێر) و لەوێوە بۆ میسـر .(MacGinnis, . 2014, 120-121)لە سـەردەمی هاخامەنشیدا، و بەتایبەت لەسەردەمی پاشا داریوشی یەکەمەوە لە دوای ٥٢٠پ.ز. بڕیاردرا کە نووسین و زمانی ئارامی بکرێتە، نووسـین و زمانی فەرمی سـنوری فراوانی ئیمپراتۆری هاخامەنشـی کە لە بیابانەکانی نێوان لیبیا و میسـر و کەناراوەکانی ئەسـیناوە هەتا ئەفغانسـتانی ئەمڕۆ درێژ دەبوونەوە، ئاسـانی ئەلفبێی ئارامی بە بەراورد بە نووسـینی مێخی، هەنگاوێکی گرنگی یەکخستنی کاروباری کارگێڕی دەوڵەت بوو، لەلایەکی تریشەوە، لەبەرئەوە لە سەر چەرم و پێسـتە دەنووسـرا، زۆربەی هەرە زۆری ئەو تۆمارانە بەهۆی ڕووداوە مرۆیی و سـروشـتییەکان و تێپەڕبوونی کاتەوە لەناوچوون و نەگەیشتوونەتە ئەم سەردەمە. لە تۆمارێکی ئارامی دەگمەنی ئەم سەردەمەدا کە لە میسر دۆزراوەتەوە، بـاس لە تێپەڕینی ژمـارەیەک بـازرگـان دەکـات کە لە زاگرۆس و نـاوچەکـانی بـاشـوری خۆرهەڵاتییەوە بە شـاری ئەربیل(قەڵاتی هەولێر)دا تێپەڕیون و بۆ میسـر ڕۆیشـتوون. بەداخەوە وردەکاری زۆر لەبەردەسـتدا نییە کە داخۆ ئەو بازرگانانە بە دەشتەکانی گەرمیاندا بەرەو دەشتی هەولێر ڕۆیشتوون یان لەباشوری مێسۆپۆتامیاوە بە ڕۆخی دیجلەدا سەرکەوتوون، ئەگەر ئەوان لە سوسە یان پێرسیپۆلیس یان تەنانەت لە ئاگباتاناشەوە بەرەوە هەولێر بەڕێکەوتبن، هەر بە گەرمیاندا تێپەڕیون، ئەمەش ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی گرنگ دەبێت بۆ بوونی هێڵێکی بازرگانی لە بابل و زاگرۆس



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

و گەرمیان و دەشـــتی هەولێرەوە بەرەو وڵاتی میســـر، لەوانەشـــە، ئەم هێڵە بازرگانییە مێژووییەکی دێرینتریشـــی هەبووبێت و لەســـەردەمی میتانییەکانەوە ئەو ئاڕاســـتەیە بۆ بازرگانی و پەیوەندی دیپلۆماتی بەکارهێندرابێت. هەرچەندە وردەکاری ڕێگەی گیراوەبەری نێوان ئەو شـارانە نەزاندراوە، بەڵام گرنگی هەڵکەوتەی بازرگانی و تێپەڕینی ئەو ڕێگەیە لە بابلەوە بە بەشێک لە گەرمیاندا بۆ هەولێر و پاشان بۆ میسر دەردەکەوێت کە ناوچەکە لەم سەردەمەشدا لەســـەر ڕێگەی کاروانە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان بووە. لە کۆتایی ســـەدەی پێنجەمی پێش زایین، دە بەرپرســـی کارگێڕی و دوو پیاوی کلیکی و یەک پیـشەوەر ئارد، خواردنەوە، گۆ شتی مەڕ و کا بۆ ئە سپەکانیان لەو شارانە لەلایەن فەرمانڕەوای شارەوە دابینبکرێت.(MacGinnis, 2014, 120-121) .

**گەرمیان ڕێگەی سەرەکی نێوان سیتتاکا و سیلۆنا و باگاستانا بۆ ئەکباتانا**

مێژوونووسی ڕۆمانی ڕوفوس باس لە تێپەڕینی ئەسکەندەری مەکدۆنی و سوپاکەی بە ڕێگەیەکی گرنگی بازرگانی نێوان دەشتەکانی مێسۆپۆتامیا و قوڵایی زاگرۆس دەکات، کە بە چەند شارێکدا تێدەپەڕێت ڕوفوس لە کتێبەکەیدا بە ناونیشـانی (Histories of Alexander the Great) کە بە لاتینی نووسـیویەتی، ئەبینین ڕوفوس ئاماژە بە تێپەڕینی ئە سکەندەر بە شاری ئەربێلا، و شاری مێممیوم و شاری بابلدا دەکات، لە بە شی چوارەمی بەرگی دەیەمی کتێبەکەیدا ڕوفوس دەنووسێت:

"پاشـا (ئەسـکەندەر) بە شـێوەیەکی بەردەوام سـەردانی چەند شـارێکی لە هەرێمەکانی ناوەڕاسـت کرد. لە شـاری سو سەوە کەوتە جوڵە و لە ڕووباری دیجلە پەڕییەوە، بە سەرکەوتوویی لە شارەکانی سیتتاکێ، کاڕڕهایێ، سامبانا و سـێلۆنایێ خێوەتگەی هەڵدا و مایەوە ".(Curtius, 1946, 464) و لەوێشـەوە بەرەو باگاسـتانا(بێسـتون) و ئێکباتانا ڕۆیشتووە.

ئەو شـــارانە کەوتبوونە ســـەر ڕێگەیەکی ســـەرەکی بازرگانی و ڕێگەکە هەموویانی بەیەکەوە بەســـتووەتەوە، گەڕانەوەی ئە سکەندەر لە شاری سو سەوە بۆ ئێکباتانا (هەمەدان) بە تەنیـ شت چیای بێ ستووندا ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێگە بازرگانییە ســـەرەکییەکانی نێوان گەرمیان و دەشـــتەکانی مێســـۆپۆتامیا گرنگی خۆیان هەبووە بۆ گەیشـــتن بە قوڵایی زاگرۆس، و ڕێگەیەکی شاهانە بوون و لەشکرکێشییە سەربازییەکان بەوێدا تێپەڕیون.

ئەم دەقە ئەوەمان پێدەڵێت، دوای ئەوەی ئە سکەندەر بابلی گرتووە، ڕووی کردووەتە سو سە، چونکە شاری سو سە کۆنە پایتەختی ئایینی عیلامییەکان بوو، و یەکێك بوو لە پایتەختە زســـتانییەکانی ئیمپراتۆرییەتی هاخامەنشـــی (الها شمي و الأحمد، ١٩٨٦، ١٠٠). بەپێی ڕوفوس ئە سکەندەر لە سو سەوە بەرەو باکووری خۆرئاوا گەڕاوەتەوە، و ڕووی کردووەتە چەند شـــارێك و خێوەتگەی هەڵداوە و ماوەتەوە، یەکێك لەو شـــارانە شـــاری ســـیتتاکێیە لە خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە، کە حەفتا ساڵێك پێش ئەسکەندەر، زەینەفۆنیش باسیکردووە، لەگەڵ دە هەزار سەربازە یۆنانییەکە لە کاتی کشانەوەیان لە بابل بەرەو کاردۆخیا، سەرەتا ڕوویان کردە خۆرهەڵاتی دیجلە و بە شاری سیتتاکێدا تێپەڕیون کە دەکەوتە ناوچەیەك لە نزیك ڕووباری دیجلە لە خۆرهەڵاتی بەغداد، باوەڕ وایە لە نزیك ئەم شـــوێنە دواتر یۆنانییەکان شاری سلوکیەی پایتەختی دەوڵەتەکەیان دروستکردبێت (زینفون، ١٩٨٥، ١١٠).

هەروەها ڕوفوس دەڵێت "ئەســکەندەر چوو بۆ ســێلۆنایْ(Celonae) ، شــارۆچکەیەکە نەوەکانی بۆێۆتییەکان (Boeotians)ی لێ دەژی، بۆێۆتییەکان لە لایەن خشــایەرشــاوە لە وڵاتی خۆیانەوە بۆ ســێلۆنایْ ڕاگوێزرابوون ".(Curtius, 1946, 464)بۆێۆتییەکان گریکی بوون و لە خۆرئاوای ئەسینا دەژیان، کاتی خۆی خشایەرشای یەکەم (٤٨٥-٤٦٥ پ. ز.) کە کوڕی داریوشــی یەکەمی هاخامەنشــی بوو ئەو ناوچەیەی داگیرکرد، و بەپێی ڕوفوس خەڵکی بۆێۆتیای بۆ سێلۆنایْ ڕاگواستووە و نەوەکانیان لەم شارەدا ماونەتەوە.

پاشان ئەفسەری ئینگلیزی ولیام لەین لە دیاریکردنی شوێنی شارەکاندا تەنها پشتی بەستووە بە لەیەکچوونی ئەو ناوە کۆنانە لەگەڵ ناوی شارە تازەکانی عێراق و کوردستاندا، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەم شارانە بکات، بۆ نموونە دەڵێت شــاری (کاڕڕهاییی) دەبێت قادســیە بێت .(Lane, 1923, 79f) . لێرەدا ولیام لەین لەوانەیە مەبەستی یەکێك لە لادێکانی سنووری پارێزگای دیالە بێت کە ناوی قادسیەیە، بەڵام ئەگەر مەبەستی شاری قادسیەی خوار نەجەف بێت کە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای عێراق، و لە نزیك ڕووباری فوراتە نەك دیجلە ئەوە بەهەڵەداچووە، هەروەها دەڵێت شاری (سامبانا) دەبێت هەمان شاری سامەڕا بێت، پاشان دەڵێت لەبەرئەوەی ئەسکەندەر لە دوای شاری سێلۆنایْ ڕوویکردۆتە باخەکانی باگیستامێس (بێستون) و شاری ئەکباتانا لە وڵاتی میدیا، و بە چەند ناوچەیەکدا تێپەڕیوە، ولیام لەین دەڵێت کەواتە ئەسکەندەر لە دوای شاری سامبانا کە ئەو بە سامەڕای دادەنێت، ئەسکەندەر بەرەو شــاری ســێلۆنایێ ڕێگەیەکی گرتووەتەبەر بە ناوچەکانی "تازە (خورماتوو) کەرکوك، دەربەندی بازیان و ســلێمانی)دا هاتووە" .(Lane, 1923, 79) . ئەم بۆچوونەی لەین لەوەوە هاتووە کە خۆی ئەفســەری ئینگلیز بووە و پێش ســاڵی ١٩٢٣ لە بەغداوە سەردانی سلێمانیی کردووە، ئیتر بۆ ولیام لەین هەمان ڕێگەی ئەوکاتەی بەغداد-سلێمانی هەر ئەو ڕێگەیەش بووە کە ئەســکەندەر پێیدا تێپەڕیوە، کە بێگومان بۆ ئەمە هیچ بەڵگەیەك نییە، پاشــان ولیام لەین دەڵێت:"دەگونجێت گریمانەی ئەوە دابنێین کە شــاری ســێلۆنایێ، هەمان شــاری ســلێمانی بێت؟ ئەم پێشــنیازە، پێشــنیازێکی نەگونجاو نییە، چونکە مێژوونووســی ڕۆمانی ڕوفوس ئەوە پەیوەســت دەکاتەوە کە دوای ئەوەی ئەسکەندەر شاری سێلۆناییی بەجێهێشتووە چووەتە باگیستامێس (بێستون)، نیشتیمانی ڕەز و باخە چێژبەخشەکان بووە، و ئەم ئاماژەیە بۆ شوێنی شاری سێلۆنایێ دەریدەخات کە شارەکە کەوتبووە سەر چیاکانی سەر سنووری میدیا .(Lane, 1923.79)".

وەک دەردەکەوێت، لەین تەنها پشتی بەستووە بە بەراوردکردنی ناوی شارەکانی ئەم سەردەمەی عێراق لەگەڵ ناوی ئەو شارانەی کە ئەسکەندەر پێیاندا تێپەڕیوە، بەپێی ئەو گێڕانەوە دەگمەنەی ڕوفوس کە لە هیچ سەرچاوەیەکی تری مێژوونووسە یۆنانی و ڕۆمانییەکاندا نابیندرێت، بەڵام ئاماژەکانی ڕوفوس بەو ڕێگەیەی کە ئەسکەندەر هەڵیبژاردووە، لە ســوســەوە بچێتە ئەکباتانەی کۆنە پایتەختی میدییەکان و، پایتەختی هاوینەی هاخامەنشــییەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە لە ســوســەوە بەرەو ناوچەی مەدائین و پاشــان بەرەو باشــووری گەرمیان و ســەرکەوتن بەرەو دەشــتەکانی نزیک کەلار و کفری ئێســتا و ســەرەوەی گەرمیان و چیاکانی قەرەداغ و پەڕینەوە لە ســیروان و بەرەو

خۆرهەڵات، و بەرێکەوتن بۆ ناوچەی زەهاو و بێســـتون و ئەکباتانای پایتەختی میدیا لە هەمەدان، ئەم ڕێگەیە بە سلێمانیدا تێنەپەڕیوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە باســی بکەین، هەڵکەوتەی جوگرافی شــاری ســیلۆنایە، بە بۆچوونی کاپتن لاین شــوێنەواری شاری سیلۆنا دەکەوێتە ژێر شاری سلێمانی یەوە(Lane, 1923, 79) ، هەروەها مامۆستا ئەمین زەکی بەگیش هەمان بۆچوونی دووبارە کردووەتەوە(زکی، ١٩٥١، ص٢٧، الهامش ٢)، بەڵام بە پشـــت بەســـتن بە بەڵگە شـــوێنەواری و دەقە مێخییەکان ئەوە سەلمێندرا کە ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی بەڵگەدارنەبووە، لە ئێستادا شوێنەوارناسان بۆ شوێنەواری ئەم شـــارە دێرینە لە گردی قەڵات و لۆگردانی خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ دەگەڕێن (باڵدی ٢٠٢٣). ئەگەر شـــاری ســـیلۆنا کەوتبێتە ئەم ناوچەیەی خۆرئاوای گەرمیانەوە، واتای ئەوەیە سوپاکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی بە ناوچەی سەنگاودا بۆ خۆرهەڵاتی گەرمیـان و بێســـتون و هەمەدان تێپەڕیوە، ئەمە لە بـارێکـدا ئەگەر گێڕانەوەکەی ڕوفوس وەک گێڕانەوەیەکی بێ خەوش وەربگرین، چونکە ڕوفوس بەلایەنی کەمەوە ڕوفوس دوو ســـەدە دوای ئەســـکەندەر ئەم کتێبەی نووسیوە، ئەویش ئەگەر لە کتێبێک یان سەرچاوەیەکی کۆنتری نەزاندراوی وەرنەگرتبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بزاندرێت، ئەوەیە کە شاری سیلۆنایێ شارێکی دیاری ناوچەکە بووە و لە چەند نەخشەیەکی تریشدا دواتر تۆمارکراوە و لە نەخشەکاندا هەر لە باکوری خۆرهەڵاتی کەرکوک داندراوە.

لە سەردەمی ئەشکانی-ڕۆمانی و سەردەمانی دواتردا، بازرگانی ئاوریشم لەوسەری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە بەرەو ڕۆما برەوی ســەند، دەشــتەکانی گەرمیان یەکێک بوون لەو ناوچانەی کە بووبوونە ســەرە ڕێگەی ئەو کاروانە بازرگانییانە، سترابۆ باسی هۆزی کۆسایێ دەکات کە لە چیاکانی ئەم ناوچەیەدا زیاتر لە ١٣ هەزار سوارە بوون، مەیلی کشتوکاڵیان نەبوو .(Strabo, 1930, Geography, 16.I.17-18, p.221). ئەمەش بەڵگەیەکی ناڕاســتەوخۆیە بۆ بوونی چالاکی فراوانی ئەم سوارانە کە هاوکاری هەندێ جار تەنها بۆ تاڵانی هاوکاری لایەنێک لە پێکدادانەکانی نێوان مێسۆپۆتامیا و زاگرۆسـیان دەکرد، و لەوانەشـە پەلاماری کاروانە بازرگانییەکان لە دەربەندەکانی دەوروبەری گەرمیانیان و چەتەگەری و ڕاوڕووتی کاروانەکانی ڕێگەی بازرگانی ئاوریشم و لقەکانی.

**گەرمیانی سەردەمی ساسانی و سەرە ڕێگەی حەج و شا و کاروانە بازرگانییەکان**

لەسەردەمی ساسانییەکاندا دەقی ڕاستەوخۆ دەربارەی بازرگانی لە گەرمیان بەردەست نین، بەڵام ئەو دەقە سیاسی و ســەربازییانەی ئەتوانین ســودیان لێببینین لەگەڵ بەڵگە شــوێنەوارییەکان هەڵێنجانی گرنگمان دەربارەی هەڵکەوتی ستراتیجی گەرمیان لە بەستنەوەی تەیسەفونی پایتەختی ساسانی بە قوڵایی ئیمپراتۆرییەتی ساسانییەوە لە باکور و خۆرهەڵاتییەوە بە گەرمیاندا بۆ دەخەنەڕوو. دۆزینەوەی شـــوێنەواری تەلارە یادگاری پەیکوڵی لە نزیک دەربەندی پەیکوڵی و ناوهێنانی دانیشـتوانی ناوچەکە گرنگی سـیاسـی خۆی هەیە، لەلایەکی تریشـەوە دروسـتکردنی ئەو تەلارە یادگارە لە نزیک ئەو دەربەندە، گرنگیی ئەو شوێنە دەخاتەڕوو، کە تێیدا سوپا و پشتیوانانی پاشا نارسە لە نزیک ئەو دەربەندە کۆبوونەتەوە کە ئەو کات پێی وتراوە خایانی نیکاتۆر وەک پاشای تاج لێ زەوتکراو پەیمانی تاج لە سەرنانی دراوە.(Cereti, (2021): 69–87) .

لەلایەکی ترەوە شارەزوور کە لەم سەردەمەدا بە سیازور ناسراوە و شاری نیم-ئەز-ڕە لە ناوجەرگەی دەشتی شارەزوور بە نیوەڕێی نێوان شیز و تەیسەفون دادەندرا، بێگومان ئەمە ڕێگەی حەجی ساسانیان بوو، ڕێگەیەک یەکانگیر و ڕێبەڕێی کاروانە بازرگانییەکان، دۆزینەوە شوێنەوارییەکان لە گردی قلرخ، کۆشکە تازە دۆزراوەکەی تەپە گاوری لە ڕۆخی ڕووباری سیروان و باشوری کەلار، هەروەها شوێنەواری قەرە ئۆغڵان لە نزیک شاری کفری ئەم سێ شوێنەوارەی سنوری شارەزوور و کەلار و کفری و چاپی مۆرە دۆزراوەکانی سەر پارچە گۆزە و تۆپەقوڕەکانی ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی بازرگانی گرنگ بووە. (Safar, (1974) : 193-198؛ حەمە شریف، جزا شۆڕش و قادر، زانا عبدالکریم، ٢٠٢٥، "ڕووپێویەکی سەرەتایی بۆ شوێنەواری گردی قەرەئۆغڵان،" توێژینەوەکە لەگەڵ توێژینەوەکانی ئەم کۆنفرانسەدا بڵاودەکرێتەوە، هەر لەم گۆڤارەدا).

ژمارەیەک کۆشکی شاهانە و کۆشکی ڕاوشکار لە دەشتەکانی گەرمیان و ئەمبەرەوبەری ڕووباری سیروان هەن، ئەو هەڵکەوتە گرنگەی گەرمیانمان بۆ دەخاتەڕوو لە دیدگای پاشایانی ساسانیدا، کۆشکە ساسانییەکانی شارەبان، تەپەگاوری و حەوشکوڕو و تاق وەسان ئەوە دەسەلمێنن کە دەشتەکانی گەرمیان بۆ پاشایانی ساسانی گرنگی زۆریان هەبووە، و وەک ناوچەیەکی دڵگیر و هەوا گونجاو بۆ حەوانەوەی کاتی خۆیان و لەسەر ڕێگەی نێوان حەجی ساسانییان لە تەیسەفونی پایتەختەوە بۆ شیز ئەم کۆشکانە دروستکراون(نەخشەی ژمارە ٤).




نەخشـــەی ژمارە ٤: شـــوێنەواری کۆشـــک و تەلار و شـــار و خانەکانی ســـەر ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکان و ڕێگە شاهانەکان و ڕێگەی حەجی سەردەمی ساسانی. (ئامادەکرنی توێژەران).

دۆزینەوەی ژمارەیەک چاپی مۆری ساسانی دەگمەن لە گردی قلرخ لە ناوجەرگەی دەشتی شارەزوور و شوێنەواری ئامێری تەونکردن و سەنگەکانیان، تیمێکی هاوبەشی زانکۆی مەینزی ئەڵمانی و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری سـلێمانی بەو ئەنجامە گەیاندووە، کە ناوچەی شـارەزوور بەشـێوەیەک لە شـێوەکان لەڕێگەی گەرمیان و ناوچەکانی ترەوە پەیوەستبووە بە لقە ڕێگاکان و ڕێچکەکانی ڕێگەی سەرەکی بازرگانی ئاورشیم کە لەوپەڕی خۆرهەڵاتی ئاسیاوە بەرەوە ڕۆمـا بە دەشـــتەکـانی گەرمیـانـدا تێـدەپەڕی. لەلایەکی ترەوە دەگمەنی چـاپی مۆرەکـان و دۆزینەوەی هاوشێوەکانیان لە هەمان سەردەمی ساسانی لە ئەرمینیا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم بازرگانییە فراوان بووە (Haddad, & Tamm, (2019)).

لەلایەکی ترەوە بوونی ژمارەیەکی زۆر دەربەند لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری گەرمیانەوە، وەک دەربەندەکانی پەیکوڵی و باســەڕڕە و دەربەند گاور و دەربەندیخان و دەربەند بێلولە و پەروێزخان و دەربەندی بازیان، و بوونی ژمارەیەک قەڵای سا سانی لە دەربەندی بازیان و با سەڕڕە و پەیکوڵی و دەربەندیخان ئەوە دە سەلمێنن ئەو دەربەندانە بۆ ساسانییەکان گرنگی خۆیان هەبووە، و نەک تەنها بۆ لایەنی سەربازی و پاراستنی ئاشتی و ئارامی، بەڵکو بەهۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە ناوجەرگەی دەوڵەتی ســاســانی بوو، هۆکاری دروســتکردنی ئەم قەڵایانە، بە پلەی یەکەم، بۆ پارا ستنی کاروانە بازرگانییەکان لە بوونی چەتەکە و ڕێگر، و هەروەها بەکارهێنانیشیان وەک کاروانسەرایەک لە کاتی پێویستی کاروانچییەکاندا.

**بازرگانی ئاوی**

هەرچەندە دەقە مێخییەکان، بە تایبەت نامە بازرگانی و کارگێڕییەکان بەڕوونی باس لە بازرگانی ئاوی ڕووبارەکانی زێی خواروو و ســەروو دەکەن، بەڵام بۆ ڕووباری ســیروان و عوزێم ئەوەندەی ئاگاداربین ســەرچاوەی ڕاســتەوخۆ لەبەردەســتدا نییە، لەوانەشــە ڕووباری ســیروان لەو شــوێنەی دەگاتە ســنوری کەلاری ئێســتا بۆ بازرگانی ئاوی بەکارهاتبێت، چونکە لەم ناوچەیەدا ڕووبارە لە شــاخەکان تێپەڕیوە و خاوبووەتەوە و بە دەشــتێکی پان و بەریندا دەڕوات، بەڵام لەبەرنەبوونی دەقی بەردەست ناتوانین ئەم ئەگەرە پشتڕاست بکەینەوە.

**دەرئەنجامەکان:**

١- پەیوەندی بازرگانی و کەلتوری نێوان لادێ و نشــینگەکانی چاخی بەردینی نوێ و چاخی بەردینی کانزایی لە ناوچەکانی گەرمیان بەهەردوو ئاڕاســتەی ناوچەکانی زاگرۆس و دەشــتەکانی مێســۆپۆتامیا بەڵگەدارە. بۆ نمونە پەیوەندی دێی چەرموو لەگەڵ تەپەگۆرانی ناوچەی لوڕســتان و گواســتنەوەی داهێنانی گڵێنەســازی کە لەوانەیە لە ڕێگەی بازرگانی و پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە بووبێت.

٢- لە ســەردەمی ئوروک (وەرکا) لە هەزارەی چوارەمی پێش زاییندا، پەیوەندییە بازرگانییەکانی نشــینگەکانی گەرمیان و دەوروبەری برەویان ســەند و پەیوەندی بازرگانی بەهێزیان لەگەڵ نشــینگەکانی باشــوری مێســۆپۆتامیا هەبوو. لە سەردەمی کەلتوری نەینەوای پێنجەم-جەمدەتنەسردا ئەم پەیوەندییە لە زۆربەی نشینگەکان بەردەوام بوو.

٣- بەڵگەی ڕوون لەبەردەستدا نییە کە شاخی کیماش نزیک کفری بێت، لەلایەکی ترەوە، ئەگەری لەشکرکێشی پاســا گودیا لەســەردەمی گوتییەکاندا ئەگەرێکی لاوازە، لەوانەیە لەڕێگەی بازرگانییەوە لەگەڵ ناوچەکانی گەرمیان و زاگرۆس ئەو کەرەستانەی دەستکەوتبێت.

٤- بازرگانی بەردی شــینی لازەورد لە چیاکانی ئەفغانســتانەوە بە ڕێگەی خوراســان و کرماشــاندا گەیشــتووەتە گەرمیان و لەوێوە بەرەو دەشتەکانی مێسۆپۆتامیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵات هەتا میسر بازرگانی پێوەکراوە.

٥- کاشــییەکان کە خۆیان لە گەرمیانەوە وەک بازرگان دابەزینە دەشــتەکانی مێســۆپۆتامیا، لە ســەردەمی دەسەڵاتیشیاندا ناوچەکانی گەرمیان لە برەوی ئابوری و بازرگانیدا بوون.

٦- میتانییەکان برەویان بە بازرگانی کۆیلەی لوللویی داوە، و دەیانبردنە شاری ئاراپخا (کەرکوک) و نوزی (وێران تەپە).

٧- لە سەردەمی ئا شوری نوێدا، بنکە و کاروانسەر و پۆ ستەچی دامەزرا، بە تایبەت لەناوچەکانی نێوان ئاراپخا و ئارزوخینا و زاموا دا، نامە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی ئاشوری بەوردی باسی ئەم بابەتەیان کردووە.

٨- بەڵگەی دەقە مێخییەکان و تۆمارە دێرینەکان جیاواز لە ڕووبارەکانی زێی خواروو و زێی سەروو ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین تا ئێستا ئەوەیان نەخستووەتەڕوو ڕووباری سیروان و ڕووبارەکانی تری گەرمیان بۆ بازرگانی ئاوی بەکارهێندرابن.

٩- بازرگانی نێوان شارستانی دۆڵی سیند لە پاکستان و هیندستانەوە بەرەو مێسۆپۆتامیا بە دوو ڕێگەدابوو، ڕێگەی ئاوی و ڕێگەی وشکانی، ڕێگە وشکانییەکەی بە شاری سوختە و عیلام و گەرمیاندا دەگەیشتە مێسۆپۆتامیا.

١٠- گەرمیان لەسەر سەرە ڕێگەی ئاوریشم و لقوپۆپەکانی بوو، ئەمەش بووە هۆی گەشانەوەی ئابوری گرنگ لە گەرمیان و نشینگەکانی سەردەمی ئەشکانی و ساسانی فراوان بوون، و ژمارەیەک تەلاری فەرمی و گۆڕی میران و خانەدانان لەم ناوچەیە دروستکران، وەک گۆڕە گومەزییەکەی سەرقەڵا و گۆڕدەخمەکانی کفری، و شوێنەوارەکانی قەرە ئۆغلان، تەپەگاوری، حەوشکوڕو، و پەیکوڵی و چەندین شوێنەواری تری ئەم سەردەمە، و دۆزینەوەی گۆزەی ساسانی مۆرکراو ئاماژەن بە جوڵە و برەوی بازرگانی لەم ناوچە گرنگەی سەرە ڕێگەی حەج و کاروانەبازرگانییەکان و ڕێگە شاهانەکەی ساسانییەکان کە ئەم کۆشک و دەربەندانەی پێکەوە بەستووەتەوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان**

حەمە شریف، جزا شۆڕش و قادر، زانا عبدالكريم، ٢٠٢٥، "ڕووپێویەکی سەرەتایی بۆ شوێنەواری گردی قەرەئۆغلان،" توێژینەوەکە لەگەڵ توێژینەوەکانی ئەم کۆنفرانسەدا بڵاودەکرێتەوە.

دی میرۆپ، فان دی میرۆپ، ٢٠١٨، مێژووی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن دەوروبەری ٣٠٠٠-٣٢٣پ.ز.، وەرگێڕانی: عەلی نادر، سلێمانی، ١٣١-١٣٢).

زكي، محمد امين، ١٩٥١، تاريخ السليمانية، ترجمه الى العربية، الملا جميل احمد الروزبياني، بغداد.

مارف، دڵشاد عزیز، ٢٠٢٣، مێژوو و شارستانی دێرینی شار و هەرێمی ئارزوخینا (ئازوخینوم)ی ناوچەکانی ئاغجەلەر-چەمچەماڵ-شوان لە دەقە مێخییەکاندا،" ئامادەکردنی: زاموا، دڵشاد و شاخەوان سدیق، شوێنەوار و کەلەپور و ناسنامەی گەلەکەمانن توێژینەوەکانی یەکەم دیداری زانستی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف. ل ل. ١٧٩-٢٠٤.

عەبدوڵڵا، ڕێزان قادر، (٢٠١٩)، بازرگانی کۆیلە لە زاگرۆس و پێدەشتەکانیدا لە بەر ڕۆشنایی دەقە مێخییەکاندا )٦١٢-٢٣٥٠پ.ز.(،" ئامادەکردنی: برادۆستی، زێدان و ئەوانی تر، پرۆسیدینگی سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان، ٢٩-٣٠ نیسانی ٢٠١٩، هەولێر، ٨١-٩٠.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**


الرويح، صالح حسين،١٩٧٧، العبيد فى العراق القديم، بغداد.

زينفون، حملة عشرة الاف الحملة على فارس، ترجمة: يعقوب افرام، بغداد.

مارف، دلْشـاد عزيز، ٢٠٢٠، "الكاشـيون في كركوك و گرميان من القرن ١٨ الى القرن ١ ق.م. دراسـة حضـارية،" مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، العدد ١٥، المجلد ٢، ص ص: ٢٣٨-٢٥٠.

ميلارت، جيمس، ١٩٩٠، اقدم الحضارات في الشرق الأدنى، ترجمة: محمد طلب، دمشق.

نيبور، ١٩٦٥ رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر، بغداد.

الهاشمي، رضا جواد، و الأحمد، سامي سعيد، ١٩٨٦، الشرق الأدنى ايران و الاناضول، بغداد.


**سەرچاوە بیانییەکان:**


Casana J., Glatz C., 2017 The Land Behind The Land Behind Baghdad: Archaeological Landscapes Of The Upper Diyala (Sirwan) River Valley. Iraq. 2017;79:47-69. Doi:10.1017/irq.2017.3

Cereti, Carlo G., Narseh, Armenia, and the Paikuli Inscription, ELECTRUM, Vol. 28 (2021): 69–87.

Curtius, Quintus, 1946, Quintus Curtius, with an English translation by: John C. Rolfe, vol I-II, Book X, London.

Emberling, Geoff & Minc, Leah, (2016,), “Ceramics and long-distance trade in early Mesopotamian states,” Journal of Archaeological Science: Reports, Volume 7, pp. 819-834.

Emelianov, Vladimir (2016), The Identity of Gudea as a Cultural and Historical Problem / Kings, Gods and People. Establishing Monarchies in the Ancient World. Muenster, Ugarit-Verlag, 2016 (AOAT 390/4): 63-76.

Frayne, D. 1993. Sargonic and Gutian Periods (2334-2113 BC), The Royal Inscriptions of Mesopotamia. Early Periods. Toronto – Buffalo – London. = RIME II.

Frayne, D. 1999. “The Zagros Campaigns of Šhulgi and Amar-Suena.” In: Owen, D.I. and Wilhelm, G. (eds.), SCCNH 10, Bethesda, Maryland: 141-201.

Haddad, Lanah & Tamm, Alexander, (2019), “Sasanian trade networks and the silk Road - a case study on Gird-i Qilirkh in the Sharezur valley,” In: Bradosty, Z., Archaeology and Heritage of Kuristan April 29th & 30th, 2019 Erbil, pp.

Huang, He, (2018) “The Route of Lapis Lazuli: Lapis Lazuli Trade From Afghanistan to Egypt During Mid-Late Bronze Age,” Advances in Social Science, Education and Humanities Research (ASSEHR), volume 183, pp.391-399.

Glatz, C., et al., (2024) “There and back again: local institutions, an Uruk expansion and the rejection of centralisation in the Sirwan/Upper Diyala region.” Antiquity. doi:10.15184/aqy.2024.189

Lane, W. H., 1923, Babylonian Problems, London.

Lanfranchi, G. B., Parpola, S. 1990. The Correspondence of Sargon II, Part II: Letters from the Northern and Northeastern Provinces, State Archives of Assyria 5= SAA 5, Helsinki University Press.

LANFRANCHI, G. B., 1995: « Assyrian Geography and Neo-Assyrian Letters: the Location of Hubuškia Again » in LIVERANI, M. (Ed.), Neo-Assyrian Geography (=Quaderni di Geographia storica 5), Rome.

MacGinnis, J., 2014, A City from the Dawn of History: Erbil in the Cuneiform Sources, Oxbow Books.

Marf, DLshad A., 2023, Cultural Interaction between Assyria and the Zagros, AOAT 445, Ugarit-Verlag, Germany.

Moortgat, A., 1967, The Art of Ancient Mesopotamia: The Classical Art of the Near East. London.

PARPOLA, S., PORTER, M. (Eds.), 2001: The Atlas of the Near East in the Neo-Assyrian Period, Helsinki.

Roaf, Michael, 2017, Cultural Atlast of Mesopotamia and the Ancient Near East, London.

Safar, Fuad, (1974), “Pird-i Kinachan,” Iraq, Vol. 36, No. 1/2 (1974), pp. 193-198

Starr, I. 1990. Queries to the Sungod: Divination and Politics in Sargonid Assyria, State Archives of Assyria 4 =SAA 4. Helsinki.

Strabo, 1930, The Geography of Strabo, with an English translation by Horace Leonard Jones, XV-XVI, Harvard University Press.

Wiesehöfer, J. 1978. Der Aufstand Gaumātas und die Anfänge Dareios‘ I. Bonn, Habelt.

Wilhelm, G., 1989 The Hurrians, translated from German by J. Barnes, ARIS & PHILIPS Ltd, Warminster, England.

Wiseman, D. J., 1956 Chronicles of Chaldean Kings, London.

Zingarello, Melania, 2018 “Bronze Age Ceramics from Logardan,” in: (Ed.) Vallet, Régis, Report On The Fourth Season Of Excavations at Girdi Qala And Logardan, CNRS – UNIVERSITY OF PARIS 1., pp.137-165.

### سەرچاوەکانی ئینتەرنێت توێژینەوە ئۆنلاینەکان:

Balmaki, Behzad, 2016. New evidence for the Achaemenid Royal Road in the Alvand Mountains (Hamedan, Iran). Antiquity Project Gallery 90(٣٤٩) http://www.antiquity.ac.uk/projgall/balmaki349

Oudbashi, Omid. Renson, Virginie. Naseri, Reza. (2023) Lead isotope analysis of Bronze Age copper alloy objects from Deh Dumen graveyard, southwestern Iran. Archaeological and Anthropological Sciences, 15. DOI: 10.1007/s12520-022-01697-x

Petrova, Natalia, et al., (2025) “The origins of pottery technology and its connection with house-building technology in the Zagros Mountains (Western Asia),” ARA= Archaeological Research in Asia, Vol. 41, https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S2352226724000898?via%3Dihub.

Universitaet Tübingen. "Ancient trade routes between Bronze Age Iran and Mesopotamia uncovered." ScienceDaily. Science Daily, 3 December 2015. <www.sciencedaily.com/releases/2015/12/151203082704.htm>.

### چاوپێکەوتنەکان:

١.چاوپێکەوتن لەگەڵ پ.د. جۆنی س. باڵدی بەرپرسی کنەوپشکنینەکان لە گردی قەڵات، ئایاری ٢٠٢٣. سلێمانی.

٢.چاوپێکەوتن لەگەڵ پ.د. ستیڤ ڕینێت، زانکۆی کامبریج، ٢٨ ئەیلولی ٢٠٢٢.